## دوای ئازادکردنی لە زیندانی یەکێتی

# ڕێبوار عارف بۆ ئۆکتۆبەر ئەدوێ

**ئۆکتۆبەر: بەرلەوەی پرسیارەکان دەستپێبکەین دەمانەوێ سەرەتا بەخێرهاتنەوەت بکەین و خۆشحاڵی خۆمان لەوە دەبڕین کە پاش هەفتەیەك ڕوو بەڕوو بوونەوە ئەم جارەشیان لە زیندان سەر بڵندانە هاتیتە دەرەوە...**

ریبوار عارف : زۆر سوپاستان دەکەمو ریگە بدەن بەر لە هەرشتیك زۆر سوپاسو ستایشی خۆم بۆ ئەو سەدان کەسە بنیرم کـە بـە پـێ داگرتنیـان لەسـەر ئـازادبوونی مـن سەنگەری ئازادی بەیانو ئازادی هەلسورانی سیاسیان بەهیزترکرد. سوپاسو ریزم بۆ هەموو ئەو حزبو لایەنو کەسایەتیانە بنێرم کە بەتوندی نارەزایـەتی خۆیـان دژ بـە دامو دەزگاو حزبو حکومەتی یەکیتی نیشتمانی دەربریو خوازیاری ئازادکردنی دەست بەجێی من بوون. سلاوو ریزم بۆ هەموو هاورێییانو دۆستانی حزب کە بۆ ماوەی هەفتەیـەك کیشەی دەستگیرکردنی ریبوار عارفیان کردە هەوینی نیشاندانی جیاوازیەکانی نیوان دوو بزوتنەوە لەوەلامدانەوە بە کیشە سیاسیو کۆمەلایەتیەکانی کۆمەلگای کوردسـتانو بەرجەستەکردنەوەی ئەو جەمسەرەی کە زیاتر لە دەهەیەکە لەسەنگەری دیفاع لە خواستو دواکارییەکانی خەلکی کوردستاندا راوەستاوەو بۆ ئەم مەبەسـتەش بـاجی گـەورەو گەورەتری داوە. بەلام ئەم جارەیان دەستگیرکردنی ریبوار عارف کرایە بوومەلەرزەیەکی گەورە کە یەکیتی نەیتوانی بەزەبری سەرکوتو چاوترسانو هەرەشـەو گورەشـە رێ بـە سنووری بلاوبوونەوەی ئەم دەنگە بگریتو سەرئەنجام ئەو کردەوەیە نەك هەر بووە هۆی نارەزایەتی خەلکی کوردستانو هەندەرانییش، بەلکو نارەزایەتیو نیگـەرانی ریزەکـانی خۆشیانی داگرت. بۆیە ئەم شەرە سەرئەنجامەکەی بە دۆرانو ملپیدانی یەکیتیو حزبو حکومەتەکەی یەکیتی تەواوبوو، کە ئەمە سەرەتای کاری ئیمەیە لـەم بـارەوە ئاینـدە دەبیت هاوکات حزبو خەلکی کوردستان بەرهەمی ئەم هەنگاوەیان بچننەوە، کە ئەم سەرکەوتنە بەبێ هاوپشتیو هاوخەباتی ئەوان گومانم هەیە کە تۆمار بکرایە.

**ئۆکتۆبەر: هاورێ رێبوار عارف، دەمانەوێ بۆ خوێنەرانی ئۆکتۆبەری باسبکەیت کە گرتنی ئێوە لەلایەن ئاسایشی یەکیچتیەوە چۆن و لەسەر چی بوو؟**

ریبوار عارف : سەرەتای کارەکە وابوو کە ئیمە لەگەل کۆبوونەوەی خویندکاران لـە بـەردەم ئەنجومـەنی وەزیرانـدا ئامـادە بـووینو پـاش قسـەو بـاس کردنیـك لەلایـەن سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەکەو چوونە ژوورەوەی نوینەرەکانیانو کۆبوونەوەیان لەگەل وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی، ئەوە بوو هاتنە دەرەوەو قسەو باسی کۆبوونەوەکەیان بـۆ خۆیندکاران گیرایەوەو داوایان کرد کە بەپێ داواکاری وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی بەریز جمیل خدر هەموو خۆیندکاران ناوی خۆیان بنووسن تا چاوبگیرنەوە بەسەر ناوەکانداو بزانن کێ غەدری لیکراوە تا چارەسەری کیشەکەی بکەن ..... پاشان منیش لەنیو خۆپیـشاندەرانەوە وەك بەشـداریکی خۆپیـشاندانەکە دەسـتم هـەلبریو ووتم ریگـە هەیـە پرسیاریك بکەین ... پیشوازییان لە پرسیارەکەم کردو منیش ووتم باشە ئەمە کەی مەنتقە ئیوە ئەوەتا بۆماوەی چەند مانگە ئەم کیشەو گیروگرفتەتان بە چارەسەر نەکراوی هێشتۆتەوە ئیستە کە ئەم خۆپیشاندانەتان ئەنجامداوە بۆ کۆمەلیك داواکاری تایبەتە نەك بۆ ئەوەی کە ئیوە وەلام بە داواکاریەکانی وەزارەتو حکومەت بدەنەوە ئەوە ئـەوانن دەبیت وەلام بدەنەوەو جیبەجێی بکەن.. دووبارە نووسینەوەی لیستیك لە لایەن ئیوەوە کام یەك لە کیشیەکانتان چارەسە دەکات ... ئەوە بوو خۆپیشاندەران هاواریان کرد کە ئیمە ئامادەنین ئەو کارە بکەین .... منیش ووتم ئەگەر ریگە دەدەن من دیمە سەر بلندکۆیەکو پەیامو روونکردنەوەیەك دەدەم لەوبارەوە ... پـاش رەزامەنـدی لیپرسـراوانی خۆپیشاندانەکە من بۆ ماوەی شەش حەوت دەقیقە بە ناوی نوینەری کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ جیابوونەوەی کوردستان قسەو باسم کـردو چـەند جـار لەبـەر چـەلە لیـدان ناچـار قسەکانم راگرت ... پاشان کە ئیمە تەواوبووینو لیپسراوی خۆپیشاندانەکە سوپاسو ستایشی ئیمـەو کـۆنگرەی ریفرانـدۆمیان کـرد لـە کاتیکـدا کـە هیـشتا مـن لەپـشت بلندگۆکەوە بووم دوو ئاسایش هاتن بە دوامدا ووتیان لەوبەر بانگتان دەکەن .... ئیمەش چووین بۆلایان، کۆمەلیك لە مەسئولین کەوتنە پرسیاریو لیکۆلینـەوە .... پاشـان کە زانیان ئیمە زۆر خۆمان بە هەق دەزانین بۆ پشتگری کردن لە خویندکارانو رەوشتی چاوترسانو شیوازە ناشارسـتانەیەکانی تریـان کۆمـەك ناکـاتو ئیمـە لـە کارەکـەمان پەشیمان ناکاتەوە، ئەوە بوو کە ووتیان باشە ئیوە هەست ناکەن کە کاریکی خراپتان کردوە ... ووتمان نەخیر بەهیچ شیوەیەك ئەمانـە کۆمـەلیك خۆینـدکارنو مـاوەی چـەند مانگە ئەم کیشەیان بە چارەسە نەکراوی ماوەتەوە ئەوە ئیوەن وەك حکومەت لە ئاکامەکانی بەرپرسن نەك منو خویندکاران ... دواتر ووتیان کاکە ئەمانە کۆمەلیك خەلکی گیرەشیوینو گومان لیکراونو تۆ چۆن پشتگیریان لی دەکەیت ... منیش لەوەلامدام ووتم ئەو قسەو باسەم بە هیچ شیوەیەك پێ قبول نیـەو ئـەوە ئێـوەن کـەدەبیت بـزانن چ بەرپرسیارییەکتان لەسەرشانە ... ئیوە ئەگەر بەپێی یاساکانی خۆشتان بیت لەم بارەوە بەرپرسن لەو قسەوباسە چونکە یەکەم ئەم خۆپیشاندانە یاساییەو لەلایـەن ئاسایـشەوە ریگەی پێدراوە، دووەم ئاسایش خۆی لە ریپوانەکەدا پاریزگاری لێ کردون. سێهەم نووینەریان بە رەسمی لەگەل وەزیر دانیشتووە، چوارەم وەزیر بەلینی پیداون کە چاوبگیریت بـە سەر دواکانیاندا، پینجەم رەنگە خۆتان بزانن کە خەلکی کوردستان زۆر نیگەرانن لە دەربرینی ئەم ئەدەبیاتو زاراوانەو ئەم قسانە دەبیت بلیم کە زیاتر فەرهـەنگی سـەردەمی بەعسە ... پاش کییشمە کیشیکی زۆر سەرئەنجام ووتیان باشە کاکەبرۆ بەلام دەبیت ئەوەش بزانیت کە تۆیەك کە نە خوینـدکاریتو نـە هـیچ پەیوەندیـەکی راسـتەخۆت بـە خۆیندکارانەوە هەیە نەدەبوو لەم مەسەلەدا بەشداری بکەی چونکە ئەمە تەنها مەسەلەی خویندکارانە ... منیش ووتم دیفـاع لـە هـەر خواسـتو داواکارییـەکی هـەر چینو تویژیکی خەلکی کوردستان ئەرکی سەرشانی هەر کەسو لایەنیکی ئازادیخوازە.. من مافی خۆمە وەك هاولاتیەك چۆن بمەویت بە شیوەیەکی شارستانی پشتگری خۆپیشاندەران بکەم ئیوە ناتوانن بە دابرینو دابەشکردنی چینو تویژەکان شانتان لەژیر دواکاریەکانیاندا خالی بکەنەوە .... سەرەئەنجام پاش قسەوباسکردنیکی نێو خۆیان ووتیان باشە کاکە تۆ دەبیت ئیرە بەجی بهیلیتو ئیمە وەك ئاسایش ئەوەت پێرادەگەیەنین ... پاش ئەوەی کە ریگەیان نەدا کە من بگەریمەوە نیو خۆپیشاندەران ریگەیان بۆ دیاری کردم کە برۆم بەلام ئەوە بوو هەر پاش دە هەنگاو دوورکەوتنەوەم لەخۆیان ئاپورەی خۆپیشاندران منیان تەوق کردو پاش تەوقەکردنو خۆشاحالی دەربـرین ووتیـان دەمانـەویت بۆمـان روون بکەیتەوە کە بۆچی ئەوەندە لیکولینەەیان لەگەلدا کردیت ... منیش هەر پاش یەك دوو دەقیقە قسەوباس کردن ئەوە بوو جاریکی تر ئاسایشو کاربەدەستان هاتنو پیان ووتم ئیمە پیمان نەوتیت برۆ ...منیش ووتم لەبەرچاوی خۆتـان مـن لـەو ریگەیـەوە کـە خۆتـان دیاریتـان کـرد رۆیـشتم بـەلام وەك بینیتـان سـەدان خۆینـدکار هـاتنو داوای رونکردنەوەدەکەن ... پاشان جاریکی تریش ووتیان باشە دەبیت ئیستە برۆیت ...لەم قسانەدا بووین رۆژنامەوانیك ووتی دەمەویت چەند پرسیاریك بکەم لیتـان ووتم فـەرموو

بەلام ئاسایش ووتی کەس نابیت قسە لەگەل ئەم کەسەدا بکاتو دەبیت بە زوویی ئیرە بەجی بهیلت ... منیش روم کردە خەلکەکە ووتم وەك دەبینن ئاسایش ریگـە بـە قـسە کردنی من نادات بەلام هەر رۆژنامەنووسیك دەیەویت قسە لەگەل مندا بکات ئەوا من ئامادەم کە هەموو قـسەو باسـەکان بگێڕمـەوەو دەتـوانن جێپـێی مـن هـەلگرن بـۆ چاوپیکەوتن ... پاشان کە ئیمە ئەو ناوەمان بەجی هیشت ئەوە بوو 200 تا 300 مەتر سەروی خۆپیشاندانەکە رۆژنامەوانەکان هاتنو دەستیان کرد بە پرسیار کردن لەمن بەلام یەکسەر ئاسایش هاتو بە شیوەیەکی زۆر ناشارستانیانە هەویەو تەسجیلو ئامیرەکانیان لەوان سەندو منیشان رەوانەی ئاسایشی گشتی کرد.

پاشان لە ئاسایش گشتی بە ریکەوت کەسیکی لێ بوو کە منی لە دوورەوە دەناسی .... ئەو بەو ملازمەی ئاسایشی ووت کە کاکە من نازانم ئیوە چیتان هەیە لەسەر ئەم برادەرەو هیچ کتابیکیشتان پی نیە.. بەلام ئەم پیاوە نموونەی خەلکی شورشگێرەو 20 سال لەمەوبەر بەعس حوکمی ئیعدامی بۆ دەرکرد .... سەرئەنجام پاش چـەند دەقیقـە قسەوباس کردن ئەوە بوو منیان ئازاد کرد. منیش خۆم ژمارەی تەلەفۆنەکـەم لا دانـاو ووتم ئەگـەر هـەر کاریکتـان هـەبوو دەتـوانن تەلـەفونم بـۆ بکـەن .... پاشـان شـەو ئاگادارکرامەوە کە هەر پاش من بە ئەمری سەرۆکی حکومەت ئەو کەسە حیجزکراوەو فەرمانی دەسگیرکردنی فەوری منیشیان داوە ...ئەوە بوو دواتـر مـن پەیوەنـدیم بـەو بەریزەوە کردو دلنیام کردوە لەوەی کە سبەینی سەعات هەشت من لە ئاسایشم ... سبەینی بەرلەکاتی دیاری کراو من لەوی بـووم کـە رۆژی پیـنج شـەمە بـوو بـەلام هـیچ لیکولینەوەیەکیان لەگەلدا نەکردم تەنها ئەوە نەبیت ووتیان دەبیت چاوەران بکەیت کە کاك عمر فتاح خۆی لەم بارەوە قسەیەك بکات ...

**ئۆکتۆبەر: دواتر کەیو چۆن لیکۆلینەوەیان لەگەلدا کردیت؟ چییان دەویست؟**

رێبوار عارف: راستی یەکەی من پاش سێ رۆژ بانگیان کردم بۆ لیکۆلینەوە ... ئەویش ئەوە بوو پاش ئەوەی کە من داستانی رووداوەکەم گیرایەوە زابت تەحقیق 4 تـا 5 لاپەرەی پرکردەوە پاشان ووتی باشە کاکە ئەمانە قسەکانی خۆتەو فەرموو ئیمزای بکە ... منیش ووتم زۆر باشە بمدەری با بیخوێنمەوە بـزانم چیت نووسـیوە ... هـەر کـە لەسەرەتای دەست پیکردنەوە نووسرابوو گومان لیکراو... منش ووتم باشە کاکەگیان من ئەمە ئیمزا دەکەم بەلام بەر لەوەی کە ئیمزای بکەم بەلکو کۆپیەکم بـۆ بگرنـەوە... زابت تەحقیق بەسەر سوورمانیکی زۆرەوە ووتی کۆپی چی کاکە خۆ تۆ لیکولینەوەت لەگەل ئیمە نەکردوە... ووتم نەخیر بەلام تۆ نووسیووتە "گومان لیکراو" منـیش هـەقم هەیە گومان بکەمو بلیم کی دەلیت پاش 2 سالی تر ئەم فایلە چوار پەرگرافی لی ناگوریت.. ئەو کاتە من بەرۆکی کێ بگرم کە فـایلیکی ترمـان بـۆ دروسـت بکـەن ... بـە توورەییەو ووتی کاکە ئەمەی تۆ داوای ئەکەیت لە جوملەی مستەحیلدایە چۆن ئیمە کۆپی بۆ تۆ یان هیچ کەسانیك دەکەین... منیش ووتم ئەی من چۆنو بە چ مافیك خـۆم بخەمە داویکی لەو جۆرەوە ... پاشان ووتی کەواتە ئیمزای ناکەیت.. ووتم بەهیچ جۆریك ...

هەر بۆ رۆژی دووهەمی لیکولینەوە بانگیان کردمو وەك ئەوەی کە هەوالیکی زۆر تایبەتیم بدەنی ووتیان ئەوە تەواو بوو کاکە تۆ ژمارەی تەلەفونیکمان بدەری بـا کەسـیك بیت ببیت بە کەفیلتو برۆرە دەرەوەو ئازادبە ... منیش ژمارەی تەلەفونیکم دایەو پاشان تەلەفونیان کردو ووتیان ئەو تەلەفونە وەلام ناداتەوە وەتم وایە راستە.. ووتیان ئـەو کەسە لە کوێیە بابنیرین بەدوایدا ووتم لیرەیەو لەبەردەمتاندایە... بەسەر سوورمانیکی زۆرەوە زابتەکە ووتی چییە کاکە پیمان رادەبوویریت... ووتم نەخیر ببوورە من بە کەس رانابویرمو ئەو رەوشتی من نیە... ووتی ئەی چۆن رەقەمی خۆتمان دەدەیتی... منیش ووتم ئەی تۆ جاری لە خۆمت پرسیوە کە بزانم من ئامـادەم بـە کـەفیل برۆمـە دەرەوە یانا؟ ووتی ئەی قابلیە حەز نەکەیت برۆیتە دەرەوە... ووتم ئەی ئیوە نالین هیچتان لەسەر نییەو ئازاد دەکرێیت... ئەگەر هیچم لەسەر نییە ئـیتر کـەفیلی چـی بـدەم؟ زابـت تەحقیق ووتی ئەمە قانوونە کاکە لەوەتەی ئاسایشی هەریم هەیە ئیمە هەر وا کارمان کردوە قابیلە ئیستە قانوون بۆ تۆ بگۆرین؟ منـیش ووتم ئـەی قابیلـە منێـك کـە هـیچ تاوانیکم نیەو ئەوە ئاسایشە تەنانەت یاساکانی حکومەتی هەریمیشی پیشل کردوە مل بدەم بەوەی کە پاش چەند رۆژ بێ دەنگی کـردن لـەم مەسـەلەیە ئیـستە بییـەویت بـە کەفیل من ئازاد بکاتو من ملی پێبدەم؟؟ زابت تەحقیق ووتی وەلا باشە کاکە جا بۆ دادگاییەکیشمان ناکەیت؟ منیش ووتم تۆ هیچ کارە نیت تا دادگاییت بکەم بەلام دلنیابە دادگایی ئەو یاسایانەتانە دەکەم ئەمرۆ بیت یان سبەی... پاشان ووتی لەوە دەچیت تۆ بەزەییت بە دایكو باوك ومندالەکانتا نەیەتەوەو حەزبکەیت هەر لـە ژوورەوە بیـت... منیش ووتم کاکە ئەو شریتە کۆن بووە بۆ منی لی مەدە هەر ئەوەندە دەلیم من ئامادە نیم ملبدەم بەهیچ کەفیلو مەفیلیك ...

**ئۆکتۆبەر: ئەی سەرەئەنجام چۆن ئازادیان کردیت؟**

رێبوار عارف: بەلی ئەوە بوو بۆ رۆژی دواتر حاکمیان هیناو حاکم پێ ووتم کە ئیوە داواکاری ئاسایشتان رەتکردوەتەوەو ئامادە نەبوون بە کەفالـەت ئـازاد بـن ... وایـە؟ منیش ووتم بەلێ ئەوە ئاسایشو سەرۆکی حکومەتە دەبیت داوای لیبوردن بکات کە منیان بێ لیکولینەوە زیاتر لە 24 سەعات هیشتووەتەوە ئیستەش بەبی هـیچ تاوانیـك داوای کەفیلم لی دەکەنو من ئامادەی ئەو کارە نیم... حاکم ووتی باشە بەلام بەر لە دەست بەکاربوون تۆ کێت دەویت بۆ داکۆکی کردن لیت؟ منیش ووتم داکۆکی کردن لـە من یان حکومەتو ئاسایش... ئەوە ئەوانن پیویستیان بە مافپەروەر هەیە نەك من ... حاکم ووتی ئاخر ئەمە مەسەلەی یاسایە تۆ خۆت دەتوانیت داکۆکی لەخۆت بکەیت؟ ووتم من نە هیچ تاوانیکم کردوەو نەپیویستم بە مافپەروەرە من خۆم دەزانم چۆن داکۆکی لە مافی خۆم دەکەمو پیویتسم بە کەس نیە!

حاکم ووتی کاکە ئەم برادەرانە دەلین تۆ زۆر ئینکاریو هیچ تەفاهومێکتان نیە بەلام با ئیمە کاریك بکەین کە ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێ بیت.. ئـەوە بـوو دواتـر ووتـی باشە کاکە من تەنها چەند پرسیاریکم هەیە تۆ وەلامیان بدەرەوە... ووتم فەرموو پاش پرسیار کردن لە ناوی خۆمو کارو... ووتی ئیوە جنێوتان داوە بـە حکومـەت؟ منـیش ووتم بەداخەوە کە پرسیاری وادەکەن، مەسەلەکەی ئێمە مەسەلەیەکی سیاسی یە نەك شەرە جنێوی کۆلان ... ووتی یانی جنێوتان نەداوە ووتم نەخیر بەهیچ شـیوەیەك. ووتـی کامیرەتان پی بووە... ووتم بەلی... پاشان ووتی باشە کاکە تۆ برۆ... ئەوەبوو بۆ سبەینی دیسانەوە بانگیان کردمەوە بەلام ئەم جارەیان کۆمـەلیك لـە لیپـسراوانی ئاسـایش لەوی بوون ووتیان وەرە کاکە تەواو ئیمزای ئەو بریارەمان بۆ بکە... ووتم باشە بریارەکە بخوێننەوە... هەر کە بریارەکەیان خویندەوە ئیشارەیان بە مادەیـەکی قـانوونی کـرد منیش ووتم ئەو مادەیە یانی چیو لەکویدا هەیە؟ ووتیان ئەوە قانوونیو یاساییە... ووتم ئاخر یانی چۆنو لەکوێ وەرگیراوە بۆم روون بکەنەوەو نیشانم بدەن... ووتیان کاکـە تۆ دەمیك کەفیل نادەیتو دەمیك داوای کۆپی ئیفـادەی خۆتمـان لـی دەکـەیتو ئێـستەش داوای هینـانو روونکردنـەوەی فـلان مادەمـان لیدەکـەیت... ووتم هـیچ دەنـگ

بەرزکردنەوەو تورەبوونی ناویت ئەوە مافی منە وەك هاولاتیەك کە بزانم چی لەسەر فاییلەکەم دەنووسریتو دەبیت ئەو مادەیە بهینن... پاشان ئەوە بوو رۆشتن کە چون سەرچاوەکەیان هینا کەکتیبیکی گەورە بوو... پاشان داوام کرد کە بۆم بخوێننەوە... هەر لەگەل خۆیندنەوەی یەکەم رستەی ووتم بەسە پیویست ناکات تیگەشتم.. بەلام کاکە من لەسەر مەلەسەلەیەکی سیاسی گیراوم نەك هیچی ترو لەمەش بەدەر سەیری پشتی کتیبەکەی دەستتان بکەن کە قانوونی عقوباتی سەردەمی بەعسە... من هەر بەو یاسایە بیست سال لەمەوبەر حوکمی ئیعدام دراوم ئیستە چۆن ئوکەی دەکەمەوە بۆ ئەو یاسایەی کە دەیان هەزار کەسی پی لە سیدارە دراوە... پاشان بوو بە کیشمەکیشو فەوزایەکی زۆر و وتیان برۆ پاش نیو سەعات بانگیانکردمەوە ووتیان کاکە ئەگەر بەهانەیەکی ترمان لینەگریت ئیفادەیەکتان لیوەردەگرینو بەرتان دەدەین... منیش ووتم بۆ ئەوەی کە کاتی منیش وخۆشتان بەفیرۆ نەچیت هەرشتیك پەیوەندی بە قسەوباسەکانی تا ئیستامانەوە هەبیت من ئامادە نیم قسەی لەسەر بکەم. ووتیان نە کاکە تۆ ئامادەی ئیمزاکردنی هیچی ئیمە نەبوویت بەلام ئامادەی ئیمزاکردنی قسەکانی خۆتیت لای حاکم؟ ووتم کام قسە ووتیان ئەوەی کە ئیوە جنێوتان نەداوە بەحکومەت؟ ووتم کاکە بە جیا لەوەی کە من ئەهلی جنێو وجنێودان نیمو خۆشتان دەزانن کە مەسەلەکە ئەوە نیە بەلام لە کوێی دنیا کەسیك لەبەر ئەوەی جنێوی داوە بە حکومەت دادگایی دەکریت... ووتیان کاکە دادگایی تۆ تەوابووە بریاری ئازاد بوونتان دراوە بەلام ئایا تۆ جنێوت داوە بە حکومەت... ووتم بەهیچ شیوەیەك، من قسەی سیاسیم کردوە پشتگیریم لە داواکاری خویندکاران کردوەو لێی پەشیمان نیم... پاشان ئەوە بوو ئازادیان کردم.

**ئۆکتۆبەر: لەو ماوەیەی کە لە زینداندا بوویت ئاسایش مامەلەی چۆن بوو لەگەلتان؟**

ریبوار عارف : سەرەتا ئەوە بلیم کە من هەر لە دووەم رۆژەوە لە ژووری ئینفرادی دا بووم، پاشان بریاری ئەوەیان دا کە نابیت هیچ جۆرە رۆژنامەو بلاوکراوەو کتیبو نووسینیكودواتریش کە من نامەیەکم ئاراستەی بەریز عمر فتاح کرد کە بەم زووانە دەقی ئەو نامەیەش بلاودەکەینەوە، ئیتر قەلەمو کاغەزو دەفتەریشم لی قەدەغە کراو لەمانەش بەدەر ئەوە بوو کە تەنانەت ریگەیان پی

نەدایین کە بەبەرچاوی خۆیانەوە تەنها دوو دەقیقە قسە لەگەل رۆزای کچمدا بکەم... و لە هەموو ئەمانە ناشارستانی ترو دەردناکتر ئەوە بوو کە ژورەکەی ئیمە لە تەنیشت ژووری تیرۆریستو بەعسیو ئەنسار ئیسلامیەکاندا بوو، ئەوە با چاوسوورکردنەوەو توورە بوونو هەرەشەو گورەشەی بەتاڵیشیان لەولاوە رابووەستیت.

**ئوکتۆبەر: دوای ئاگاداربوونەوەت لە وەزعەکە، بەڕای تۆ زیندانی کردنی ئیوە چ رەنگدانەوەیەکی هەبوولە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان؟**

ریبوار عارف: هەروەك خۆتان ئاگادارن کە لە وولاتانی بەریتانیا، چین، یابان، فنلاند ... دەیان حزبو لایەنو ریکخراو بە توندی نارەزایەتی خۆیان دەربریو ئەمنستی ئەنتەرناسیونال نامەیەکی توندی لە بارەی زیندانی کردنی منەوە ناردو تا کار گەشت بەوەی کە بە هەولی هاورێیانی حزب لە فنلاند وەزیری خارجی ئامادەی لیکولینەوە لەم مەسەلەیە بووو بۆ ئەم مەبەستە هاورێیانی حزبی دەعوەت کردبوو. ئەمە بەدەر لە دەیان کەسایەتیو نووسەرو ئەدیبو رۆشنیرو سیاسیو مافناسو تەنانەت سەدان خویندکارو هاولاتی لە کوردستانو هەندەران نامەی پشتگیری کردنیان بۆ ئازادکردنی ئیمە ئیمزا کردبوو. وەك دەزانن ئەم مەسەلەیە بووە هۆی نارەزایەتیی فراوان لەناو خەلکی کوردستانو هەندەرانو بە گشتی رەنگدانەوەیەکی کەم وینەی بەخۆیەوە بینی!

**ئوکتۆبەر: ئیستا کە ئازادکراویت بەنیازی چیت؟**

ریبوار عارف: بەلی لە راستیدا مەسەلەی دەستگیرکردنی ئیمە فرسەتیکی باشی هینایە پیشەوە بۆ ئەوەی کە لە شوینکدا کۆتایی بەو هەموو ناعەدالەتیو سوکایەتی کردنە بهینریت کە بە حوکمی دەسەلات لە کوردستاندا بەسەر خەلکەکەیدا سەپاوە... حزبو حکومەتی یەکیتی دەبیت بەکردەوە بچیتە پای کۆتایی هینان بە زیندانی کردنی هاوولاتیان لە ماوەی 24 سەعات زیاتر بەبی لیکولینەوە. دەبیت کۆتایی بهێنێت بە بەهانەی داواکردنی کەفیلو کەفالەت، دەبیت ریزو حورمەتی هاولاتیان بگرنو لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بێ بەشیان نەکەن لە زینداندا.. بۆ ئەم مەبەستە ئیمە ئیستا خەریکی تۆمارکردنی شکاتنامەیەکین لەسەرۆکی حکومەت لە چەند بەندیکدا کە دیارە قوناغی ئایندەی ئەم کارەمان ئەگەر بێتو حکومەت بەهەر بەهانەیەك شانی خۆی لێ خالیبکاتەوە، ئەوا جاریکی تر بە پشتیوانی ئەو سەدان حزبو ریکخراوو لایەنو کەسایەتیانەی وولاتانی جیهان ئەم کارە بە ئەنجام دەگەیەنینو ئالوگۆڕێك پیکدەهینین کە خەلکی کوردستان زۆر ئاسان ترو لیبراوانە تر بتوانن دریژە بە خەباتو تیکۆشانی خۆیان بدەن بۆ باشتر کردنی ژیانو گوزەرانیانو پێداگرتن لەسەر مافو ئازادییەکانی خۆیان.